## شاتە خوێناوییەکان

لە نۆتەی سەمفۆنیایەکی
خۆشەوویستی قەرەج و
قەرەج خۆش وویستندا
بەدەم هەنگاوی شەوێکی کرێوەوە
نۆتەکان لێیان پرسیم :
ئەی تۆشەقاوت لە هەنگاوی
ئەوینی کێدایە ؟
تەرزەی ماچت لە باخی لێوی کێدا
دائەکا ؟
کێ ترپەی لێدانی دڵتی لەمشتایە ؟
من سەرتاپام بووەتە گوێچکە و
مەلەی نێو دەریای ئاوازێك ئەکەم
ئاوازێك لەژێی سەمەن*
سەمایەك لەنەرمە باران
نیوەشەوێکی بەکرێوەیە
لەسەوزەلآنی ئەم یادەدا
لوتی براوی‌ك هەژاڵ*
لاشەی خوێناوی فاتیمە*
لەباوەش ئەگرم ،
ڕامەچڵەکێنن
نەکا بەئاگابێم و
پەڵە خوێنێکی قوژبن و کۆلآنەکانی شار لەیاد بکەم ،
ئێستا گیانی گشت قوربانییەکانی
جببە ئەستورەکانی گەندەڵی مێشکمان
پەروانە ئاسا
سورو سپی زەردو شین
پۆل پۆڵ
ئەفڕن ،
بەسەر شاتی *خوێناوی یەکدییەوە
گۆرانی ئاواتە باڵ قرتێنراوەکان
ئەچڕن ،
هەریەکێکیان شادیانەی* هەشتی‌مارسەو
ئەبنە قردێلە بۆ پەرچەم و قژی
کچانی شانەنەکراو..

ئەبنە گوڵ ئێخەی ژهێزکەتی *
خۆیان لەسنگ و بەرۆکی
هەزاران هەزار حەبیبەی دیکەی ترم ئەدەن،
ئەی ژنانی وولاتەکەم :
ئێوە تێشووی ئازارێکی بەگەوەی شاخێکەوە
خنکێنراو بوون !
شەڕواڵی بەری پێشمەرگە و
سروودی ئەی‌ڕەقیبی نێو قەفەزی دادگاکەی گوڵشەن * و
تارای بووکێنییەکەی
قەنارەی مەرگی خوشکە لەیلابوون ،
هەرچەند ڕۆژێك بەر لەئێستا
لەم هۆڵەدا عەباو جببە ئەستور لەبەرەکانی ئێمە
هاواریان لەبەردەم یەکدیدا لێ هەستا
من نەم ئەدین ، بەڵام
سکێچیان
لەزایەڵەیاندا وەدەرئەکەووت ،
من نەم ئەناسین ، بەڵام
بەپەڕانی تیری ئابڕوو
لەکەوانی ئاوێنەی پۆخڵی هۆشیاندا
سەدان لیکی زاری عەفلەقیەکان
دڵۆپ دڵۆپ
لەنێوچەوانی بارەگاکانی سەرشەقام و
نێوکۆڵانەکانی شار ئەکەووت ،
هاتوون *بۆ حەبیبە و کەژاڵەکانی شارم
سازئەکەن !
خۆ ئەوان جێپێ هەڵگری
کاروان سەرایپ ێشمەرگە و
ڕێبەری لەشکرەکەی سەدام
بۆ نێو دەلاقەی هەولێر و سلێمانی
نەبوون !
قەعەدەی ژێرسمی هۆلاکیەکان و
مەسینەی دەستی ئایەتوللە * کان نەبوون !
نە بازرگانی خوێنی پێشمەرگە و
نە هەراج کەری کەللە * بە پێنج سەد و
زیندو بە هەزار بوون !
نە تەحسین شاوەیس
نە قالەفەرەج
نەچ ەلوب *و نەڕائید تەها * و
نە مولازم عەلی * یەکەی
دومەڵی سەردڵی شاربوون ،
پەنجە نەبوون لەکوێرکردنی

چاوی هەڵەبجەدا !
شۆفڵ نەبوون لەڕووخانی
هەزاران دێی ئەم خاکەدا !
پەروانە بوون
وەك چۆن ئاوازێ ژێیەکی ئەپچڕێ
دۆڕێیەك
لەزایەڵەیدا
ئەخنکێ ،
وەك چۆن ڕوانینێ
ڕێگاکانی خۆی لێوون ئەبێ
بۆی ئەگەڕێ ،
لە دەستی چەپەڵ و تاوان ئەگەڕێن ؟
لەشانەی ڕێکخستنەکانتانەوە
دەست پێبکەن !
لەباڵای درەختێکی بەخوێنی پێشمەرگە
ئاودراو ئەگەڕێن ؟
لە بەرپرسی دام و دەزگاکانی
ئاسایشتاندا
دەیان یاسر* و
شێخ چۆپی* بۆنیشانە بەرێ بکەن !
لە تۆڵەی خوێنی پێنج هەزار شەهیدی
هەڵەبجەم ئەگەڕێن ؟
ڕوو ڕەشی خوێنیحەبیبەکانم بن
هەر هەشت ڕۆژی دیکەی تر
ئەگەر نەیکەن !
ئەوە نزار خەزرەجی* !
ئەگەر ئێوەکانیع اشقان* و
عومەری خاوەر* و
پێنج هەزار شەهید و
هەڵەبجەتان خۆش ئەوێ!
ئەوە شامیلەکان* ی شار
ئەوەش بازرگانەکانی خوێن
ئەگەرێ ێوەسەنگی مەحەکتان ئەوێ !
بەڵام نە
ئێوە نۆکەری بێگانە و
ڕاموسینی دژمن و
مەرگی بێ تاوانی هەزاران خانمی
ئەم خاك و ئاوەتان ئەوێ !
چونکە ئابڕوومان وا لە نێودەرلنگی
دەرپێکانماندا
هیوامان وا لە نێوپەنجەرە

بەدوکەڵ گیراوەکانی هۆشماندا!
** ** * *

بۆکوێم ئەبەن ؟
بەدەربەندی کام تاواندا
بەڕێم ئەکەن ؟
لەکام قەفەزی دادگایی و داب و نەریت و
ئاین و قورعاندا....... .دام ئەنێن ؟
لەناو عەشامێکی چاو و گوێ بەسترا و
باڵ کراودا
بەچیم ئەناسێنن ؟
بە سۆزانی ؟
یان بەکل و قەڵەم لێوێکی
گیرفانی ؟
هەرچی ئەڵێن :
زایەڵەتان بکەن بەیەك
هەرچی ئەکەن :
دەستی درێژی تاوان و عەشایەرگەریتان
خۆڵەمێشی یەك ڕەنگ بکەن ،
لەگۆشە تاریکەکانی مێژوودا جێتان بێتەوە
کەلەپچەی گەردنی هەناسەگیرەوەکان
ئەیپیاو !
ئەی شەنی دەستی ئافرەت و
تەنك .... تەنك
هەوری قەد پاڵی زریکەیەك
ئەمێستاش دێوو درنجی سەرڕێگای
خەج و زین و شیرینەکان ،
** ** **

من لەگەڵ ئەم ئازارەشدا
ڕادێم
وەك تفەنگەکەی شانی
ئەیلول و
کۆرپەکەی ئامێزیع ومەریخاوەر و
ئەژنۆی شکاوی بوونم ،
هەریەکێکتان جۆرێ بانگم ئەکەن
لەزاری چارەکێکتانا
دایکی منداڵانم !
لەچارەکی دووهەمدا
ماڵەوەتانم !
لەچارەکی سێهەمدا
منداڵەکانتانم !
لەچوارەمیشدا کەم تازۆر

یان ژن یان خێزانتانم !
لە ئیسلامدا چوارمان
بەیەكێكە
یەك تا چلیشمان هەربۆیەكێكە !
دەزگایەكی بەرهەم هێنەری كۆرپە و
ڕێكخەرو پاكژكەری ماڵم
هەندێ جارنێرگزێكم بۆ مەرامێك
هەركات وویستتان
وەكو چراهەڵم ئەكەن ،
بوكێكی لاستیكم بۆخاڵی كردنەوەی شەهوەتی هەوەستان
كەتێریش بوون
وەك پەڕۆیەكی پیسی بەردەستتان
فڕێم ئەدەن ،
بەڵام منی ئافرەت
هەستێكی بزوێنەر و
شنەی با و ...... خەندەی پەڕەی گوڵێك و
من ماچی لێوی ڕۆمانسێكم
من ئیمڕۆ و سبەینێتانم
من هاوڕێی هەناسە و
باڵی هەڵپڕوسكاوی گۆرانییەكی غەمگینتانم ،
چی ئەكەن بیكەن :
چی ئەبەن بیبەن :
لە ژیان و لەسەمای پاسارییەكانی
سەرڕێ و
لە باوەشی گەرمی ڕۆڵە و
لە شنەی فڕینی باڵی ئازادیمان بكەن ،
تەمەنمان بەخۆراكی
لەچك وعەبا و
گیرۆدەی دەستی نوێژ و
قوڕعانمان بكەن ،
من چۆن دڵنیام
دوای هەزاران شەوی دەیجور
ئاسۆم هەڵدێ ،
ئاواش دڵنیام
ئازاد ئەبم
ئەوسا ئەم چیرۆكەم
ئەبێتە یادێكی نەفرەت لێكرا و
لە دەركی دەمی تەنەكەخ ۆڵەكەی
مێژووم ئەكرێ ،،،،،،

پۆلا سەعید
04.03.2002

پەراوێزەکان:

* شات : لکەداری یەك ساڵە ، چرۆ
* سەمەن : گوڵی یاسەمەن
* شادیانە : مزگێنی ،مژدانە
* ژهێزکەتی : لەتوانا کەوتوو
* هاتوون : ئاگردانی حەمام

-